# تاكەی گۆماوی خوێن ؟ تاكەی ئینسان كوژی ؟

2005/5/4 كۆمەڵكوژیەك له لایەن قەسابەكانی ئینسانیەتەوە له شاری هەولێر ئەنجامدرا , له كاتی ئەم كۆكوژیانەدا چەند پرسیارێك هەیە جێگایان بۆ نامێنێتەوە , ئەوانە كێ بوون كە گیانیان لە دەستدا ؟ خەڵكی چ شارێكن ؟ بەچ زمانێك قسە دەكەن ؟ بۆ چ كارێك كۆمەڵەیان بەستبوو؟ ئەم تاوانانە بە یەكجاری ئینسان نارەحەت دەكات وترسناكی هەلومەرجێك نیشان دەدات كە ئەمرۆ كۆمەڵگای كوردوستانی تێدا ڕاگیراوە . ئیسلامی سیاسی بە مێژوویەكی شوومی لە ئینسان كوژی وتیرۆریزمەكەی, ئەمرۆ لە سایەی داگیركاری ئەمەریكادا بەردەوام خەریكە لاپەڕە ڕەشەكانی تەمەنی ڕەشتر دەكاتەوە . زیاتر لە 2 ساڵە عێراق و كوردوستان بۆتە مەیدانی شەڕ و پێشبڕكێی نێوان تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئەمەریكا ئەم دوو بەرەیە هەرچی لە هەگبەكەیاندا هەیە لە ئینسان كوژی خەریكن هەڵیدەڕژن . دەستەوتاقمی ئیسلامی زیاتر لە 2 ساڵە خەریكن ئەم كۆمەڵگایە بۆ كەناری مەرگ پەلكێش دەكەن و ناشیرین ترین جۆری ئینسان كوژی ئەنجام دەدەن . سەربڕین , خنكاندن , ئیغتصاب و كوشتن, سەیارەی بە مین چێنراو , خۆكوژی , بۆمبی كات بۆ دیاری كراو , ئەمانە دیاری دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیە بۆ خەڵكی كوردوستان . ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد بۆ بەرژەوەندی و بردنی بەش لە دەسەلآتی مەركەزی بوون بە شەریكی بەرەیەكی دوو تیرۆریزمەكە, ئەگەر ئەم حیزبانە بوونەتە هاوسەنگەر و هاوچارەنووسی ئەمەریكا ئەوا ئەو كەسانەی كە دەبنە سووتەمەنی و ئاگری شەڕی ئەم تیرۆریستانە دەیانسووتێنێ تەنها و تەنها خەڵكی مەحروم و دەست تەنگانی كوردوستانن . ئەحزابی قەومی كورد و سەركردەكانیان تەنها بۆ كورسیەكانی خۆیان خوێنی خەڵكی كوردوستانیان كردە بارمتە و لە ژێر ناوی هەڵبژاردن خەڵكی كوردوستانیان گێڕایەوە بۆ ناو چوار چێوەو هاوكێشەیەك كە ئەنجامەكەی ئەمرۆ و دەیان ئەمرۆی تری بەدواوەیە .بوونی تاڵەبانی بەسەرۆكی عێراق و بوونی بەرزانی بە سەرۆكی هەرێم ناتوانێت تەعبیر بێت لە هیچ جۆرە باشتربوونێك لەژیانی خەڵكی كوردوستان چ لەڕووی ئەمنی و چ لە رووی گوزەرانەوە . ئەوەی ئەمرۆ دەتوانێ خەڵكی كوردوستان لەم گۆماوی خوێنە ڕزگار بكات كە ڕۆژانە بۆیان ساز دەدرێت , ئەوەی دەتوانێ خەڵكی كوردوستان لەم ژیانە پڕ مەترسیە ڕزگار بكات , ئەوەی دەتوانێ دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بە ڕەسەن و نارەسانیانەوە كۆتا بكات , ئەوەی دەتوانێ ئیرادە بۆ خەڵكی كوردوستان بگێڕێتەوەو ئەم چارەنوسە نادیارە ڕوون بكاتەوە جیابوونەوەی كوردوستان و پێكهێنانی دەووڵەتێكی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیە . لە كۆتایدا سەرەخۆشی خۆم لە تەواوی كەس و كاری ئەو كەسانە دەكەم كە لەم تاوانەی دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی گیانیان لە دەستداو پڕ بە دڵ هیوای چاكبوونەوە بۆ بریندارەكان دەخوازم .

ڕسوای بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی

هیدایەت مەلا عەلی

2005/5/4